# سەربار لە زمانی كوردیدا

**یونس اسماعیل یونس**

قوتابی ماستەر/ بەشی زمانی كوردی/ كۆلێژی پەروەردە/ زانكۆی سەلاحەددین/ شەقڵاوە.
younis.younis@student.su.edu.krd

**پ. د. حاتەم ولیا محەمەد**

بەشی زمانی كوردی/
كۆلێژی پەروەردە/ زانكۆی سەلاحەددین/ هەولێر.
Hatam.muhammad@su.edu.krd

**پوختە:**

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی (سـەربار لەزمانـی كوردیدا)یـە، هەوڵێكـە بـۆ دەستنیشـانكردنی كەرەسـتە ناسـەرەكییەكان (سـەربار) لەزمانـی كوردیـدا، بەپێـی تیۆریـی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە، بەدیاریكـراوی یاسـاكانی گوێزانـەوە، چونكـە تیۆریـی (ب،گ) كەرەسـتەكانی ڕسـتە دیـاری دەكات و سـەربارەكانیش ئـەو كەرەسـتانە دەگرێتـەوە كـە ناپێویسـتین لـە پێكهاتـەی ڕسـتەدا. لـەم توێژینەوەیـەدا كەرەسـتە ناسـەرەكییەكان لـە چوارچێـوەی فرێـزی نـاوی و فرێـزی كاری، بـە پشتبەسـتن بـە زانیاریـی سینتاكسـی و سـیمانتیكی، دیـاری كـراون. لەبـەر ئـەوەی دەتوانرێـت لـە دوو ئاراسـتەی جیـاوازەوە لـە سـەربار بڕوانرێـت، ئەویـش لایەنـی واتایـی و لایەنـی ڕستەسـازییە، لەلایەنـی واتاییـدا ئەركـی پێدانـی زانیاریـی زیاتـرە بـە سـەرەی فرێـزە ناوییەكـە یـان ڕوودانـی كارەكـە. لەلایەنـی ڕستەسـازییەوە وەكـوو ئەركێكـی سینتاكسـی ڕۆڵیـان فرەوانكردنـی پێكهاتـەی فرێـز و ڕسـتەیە. ئەمانـەش لـە توێژینەوەكـەدا جگـە لـە پێشـەكی و ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەكان، لـە دوو تـەوەرەدا خراوەتـە ڕوو:

تـەوەرەی یەكـەم، ئاراسـتەیەكی تیـۆری بـۆ سـەربار تەرخـان كـراوە. تـەوەرەی دووەم تایبـەت كـراوە بـە (سـەربار لەزمانـی كوردیـدا)، بـۆ دەستنیشـانكردنی كەرەسـتە ناسـەرەكییەكان لـە ئەركـی سـەربناردا، تیایـدا باسـی ئـەم بابەتانـە كـراوە (زاراوەی سـەربار، چەمـك و پێناسـەی سـەربار، سـەربار و فرێـزی نـاوی، سـەربار و فرێـزی كاری، كەرەسـتە ناسـەرەكییەكان، تایبەتمەندییەكانـی سـەربار).

كلیلەوشە: كۆمەڵگەی زۆرەملێ، گۆڕانی زمان، شێوەزاری كەركووك.

پێشەکی:

ناونیشـــانی توێژینەوەکـــە: ئـــەم توێژینەوەیـــە بـــە ناونیشـانی (سـەربار لـە زمانـی کوردیدا)یە، توێژینەوەیەکـی سینتاکسـی - سـیمانتیکییە بـۆ دەستنیشـانکردنی کەرەسـتە ناسـەرەکییەکان لـە ئەرکـی سـەرباردا.

سـنووری توێژینەوەکـە: لـە چوارچێـوەی زمانـی کوردیـی دیالێکتـی ناوەڕاسـتدایە، نموونەکانیـش لـە سـەرچاوەکان و ئاخاوتنـی ڕۆژانـەی ئاخێوەرانـی دیالێکتەکـەوە وەرگیـراوە.

ڕێبـــازی توێژینەوەکـــە: پێـــڕەوی ڕێبـــازی وەســـفیی شـیکاری کـراوە، بـە شـێوەیەکی سـەرەکی کار بـە تیۆریـی بەرهەمهێنـــان و گوێزانـــەوە لـــە چوارچێـــوەی یاســـاکانی گوێزانـــەوە کـــراوە، کەرەســـتە ناســـەرەکییەکانی ڕســـتەش دیـاری کـراون و تایبەتمەندییەکانـی یاسـا بەئـارەزووەکان لەبەرچـاو گیـراون بـۆ دەستنیشـانکردنی ئـەو کەرەسـتانەی کـە لـە ئەرکـی سـەرباردا دەردەکـەون.

ئامانجـــی توێژینەوەکـــە: مەبەســـت و ئامانجـــی توێژینەوەکـە دەرخسـتنی گرنگـی و پێویسـتیی کەرەسـتە سـەرباریيەکانە لـە بەکارهێنانـدا. هەروەهـا دیاریکردنـی کەرەسـتە سـەربارییەکان لـە پێکهاتـەی فرێـزی نـاوی و فرێـزی کاریـدا.

گرفتـی توێژیتەوەکـە: ئـەم تەوەرانـە کراوەتـە گرفتـی توێژینەوەکـە (دیاریکردنـی سـەربارەکان لەنێـوان ئاسـتی سـینتاکس و ئاسـتی سـیمانتیکدا، پێوەرەکانـی دیاریکردنـی سـەربارەکان).

پرسـیاری توێژینەوەکـە: مەبەسـتەکانی بەکارهێنانـی سـەربارەکان لەلایـەن ئاخێوەرانـی زمانێکـەوە چیـن؟ ئایـا گرنگیـی سـەربارەکان لـە بەکارهێنانـدا، لـە ئاسـتی سـینتاکس و ئاسـتی سـیمانتیکدا وەکـوو یەکـن؟ ئایا ئـەو بەشـەئاخاوتنانەی ئەرکـی سـەربار دەبینـن، لەلایەنـی واتاییـەوە ڕۆڵـی جەختکـردن دەبینـن؟

ناوەڕۆکـی توێژینەوەکـە: توێژینەوەکـە جگـە لـە پوختـە، پێشـەکی، ئەنجـام و لیسـتی سـەرچاوەکان، لـە دوو تـەوەر پێـک دێـت: تـەوەرەی یەکـەم ئاراسـتەیەکی تیۆریـی بـۆ سـەربار تەرخـان کـراوە. تـەوەرەی دووەم تایبـەت کـراوە بـە (سـەربار لـە زمانـی کوردیـدا)، بـۆ دەستنیشـانکردنی کەرەسـتە ناسـەرەکییەکان لـە ئەرکـی سـەرباردا تیایـدا باسـی ئـەم بابەتانـە کـراوە (زاراوەی سـەربار، چەمـک و پێناسـەی سـەربار، سـەربار و فرێـزی نـاوی، سـەربار و فرێـزی کاری، کەرەسـتە ناسـەرەکییەکان، تایبەتمەندییەکانـی سـەربار).

تەوەرەی یەکەم: ئاراستەیەکی تیۆری بۆ سەربار:

١. تیۆریی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە:

لـە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمدا، تیۆرێکـی زمانـی لەلایـەن جۆمسـکییەوە سـەری هەڵـدا، ئەویـش تیۆریـی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە بـوو. هـەردوو زاراوەی (بەرهەمهێنـــان و گوێزانـــەوە) لەگـــەڵ بڵاوبوونـــەوەی کتێبەکـەی جۆمسـکی بەنـاوی (ڕۆنانـە سینتاکسـییەکان) لەسـاڵی ١٩٥٧، سـەریان هەڵـدا. ئـەم کتێبـە سـەرەتایەکی زۆر گرنـگ بـوو بـۆ سـەرهەڵدانی قوتابخانەیەکـی گـەورەی تیـۆری زمانـی و گرنگییەکـی زۆری هەبـوو لەنـاو لێکۆڵینـەوەی زمانەوانیـدا، کـە بـووە هـۆی دامەزراندنـی قوتابخانەیەکـی نوێـی زمانەوانـی. (محەمـەد، ٢٠٠٩، ٥٣-٥٤) چەمکـی بەرهەمهێنـان لـەم قوتابخانەیـەدا یەکێکـە لـە گرنگتریـن چەمکەکانـی تیۆرەکـەی جۆمسـکی، کـە جەخـت لەســەر بنەمــای بەرهەمهێنانــی ژمارەیەکــی بێســنووری ڕسـتە دەکاتـەوە لەلایـەن ئاخێـوەری زمانـەوە. (ئەحمـەد، ٢٠١٥، ٢٩) چونکـە بەرهەمهێنـان لـە زمانـدا پێوەسـتە بـە توانـای شـیکردنەوەی ئـەو ڕسـتانەی، کـە گوێـی لێدەبێـت، تێگەیشـتن لـە دەربـڕاوە نوێیـەکان، کـە پێشـتر نەیبیسـتووە و نەیدرکانـدووە، ئەمـە دەلالەتـی ئـەو ڕاسـتییەیە، کـە زمانـی مـرۆڤ بەپێـزە لـە بەرهەمهێنانـی وشـە و ڕسـتەی نـوێ. (ڕەزا، ٢٠١٣، ٣٩) زاراوەی بەرهەمهێنـان "زاراوەیەکـە لـــە بیرکارییـــەوە وەرگیـــراوە و جۆمســـکی هێناویەتییـــە نـاو " توانـای گرتنـەوە"ی ڕێزمانـەوە، بـۆ ئـەوەی ژمـارە و کۆمەڵـی ڕسـتە ڕێزمانییەکانـی زمانێکـی پـێ دیـاری بـکات. لـەڕووی تەکنیکییـەوە ڕێزمانـی بەرهەمهێنـان ژمارەیەکـە لـە " یاسـای شـێوازبەندانە"، کـە پـڕۆژەی

ژمارەیەکـی دیاریکـراو لـە ڕستە بـۆ ژمارەیەکـی بێشـومار و نادیـار لـە ڕسـتە سـاز دەدات." (مەحـوی، ٢٠٠٦، ٥) ڕێزمانـی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوەش بـەدەر نەبـوو لـە کەموکـوڕی و ڕەخنـەی زمانەوانـان، بەتایبـەت لـەڕووی پێوەندییەکانـی نـاوەوەی پێکهاتـەی ڕێزمـان و پێکهاتـەی واتایـی. ئەمـەش وای لـە جۆمسـکی کـرد کـە بەبەردەوامـی بەسـەر تیۆرەکەیـدا بچێتـەوە و پـەرەی پـێ بـدات. بـەو هۆیـەوە تیۆرەکـەی جۆمسـکی بـە کۆمەڵێـک قۆناغـی گەشەسـەندندا تێپەڕیـوە و گۆڕانـکاری تێـدا ئەنجامـدراوە. (محەمـەد، ٢٠٠٩، ٥٥ و ئەمیـن، ٢٠١١، ٢٥)

لـەم توێژینەوەیـەدا بـۆ چوارچێوەیەکـی تیـۆری لەبـارەی سـەربارەوە، بەگوێـرەی قۆناغەکانـی گەشەسـەندنی تیۆریـی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە، کـە جۆمسـکی لەتیۆرەکەیـدا بـۆ شـیکردنەوە و لێکدانـەوەی زمـان، سـێ مۆدێلـی ڕێزمانـی پێشـنیاز دەکات، وەک (ڕێزمانـی بـارە سـنووردارەکان، ڕێزمانـی فرێـز پێکهێنـان، ڕێزمانـی گوێزانـەوە). سـوود لـە یاسـاکانی گوێزانـەوە وەرگیـراوە.

٢. یاساکانی گوێزانەوە Transformational rule:

یەکـێ لـە مۆدێلەکانـی ڕێزمانـی (ب. گ)دا، بریتییـە لـە یاسـاکانی گوێزانـەوە کـە ڕۆڵیـان زیاتـرە لـە مۆدێلەکانـی (بـارە سـنووردارەکان، یاسـاکانی فرێزپێکهێنـان)، لەبـەر ئـەوەی یاسـاکانی گوێزانـەوە توانـای دەسـتکاریکردنی ئارگیومێنتـە پێکهێنەکانـی ڕسـتەیان هەیـە، واتـە ئـەم یاسـایانە دەتوانـن کەرەسـتە لابـەرن، یـان فرەوانـی بکـەن، یاخـود کەرەسـتەی تـر بهێننـە نـاوەوە، کەچـی یاسـاکانی فرێزپێکهێنـان ئـەو توانایەیـان نییـە. (سـەعید، ٢٠٠٩، ٥٨) (گوێزانـەوە کردەیەکـی بنەڕەتییـە بـۆ ڕۆنانـی ڕسـتە، چونکـە بەبـێ ئەمـە تیـۆری ڕێزمـان ناتوانێـت دیـاردەی ڕۆنانـی ڕسـتە بەتـەواوی شـیبکاتەوە)(عەلی، ٢٠٢٠، ٦٤) (ئەمـەش پـاش بەرهەمهێنانـی هێڵـکاری دارئاسـا لـە ڕێگـەی جـێ بەجـێ کردنـی یاسـاکانی فرێـز پێکهێنـان و دانانـی کەرەسـتەی فەرهەنگـی گونجـاو، ئاسـتی ژێـرەوەی ڕسـتە پێـک دێـت. ئینجـا ئـەم ئاسـتە بەهـۆی یاسـایەک یـان چەنـد یاسـایەکی گوێزانـەوە دەگوێزرێتـەوە ئاسـتی سـەرەوە. بـەم جـۆرە یاسـاکانی گوێزانـەوە کار دەکەنـە سـەر ئاسـتی ژێـرەوەی ڕسـتە بـۆ ئـەوەی ئاسـتی سـەرەوەی ڕسـتە بەرهەمبهێنـن.) (سـلێڤانەیی، ٢٠٠١، ١٩) "واتـە کۆمەڵێـک کـردەی گوێزانەوەیـی بەشـداری لـە بەرهەمهێنانـی ڕۆنانـی سـەرەوەی ڕسـتەدا دەکـەن و زۆربـەی ڕسـتەکان لـە ڕێگـەی زیاتـر لـە گوێزانەوەیەکـەوە دەگوێزرێنـەوە بـۆ ئاسـتی ڕۆنانـی سـەرەوە، ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە گوێزانـەوە لـە ڕۆنانـی ژێـرەوە دەسـت پـێ دەکات و بـە ڕۆنانـی ناوەندیـدا تێپەڕدەبێـت بـەرەو ڕۆنانـی سـەرەوە". (کـمال، ٢٠٠٢، ٥٨) لەڕاسـتیدا جۆمسـکی لـە ڕێزمانـی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوەدا تەنیـا لەچوارچێـوەی فرێـزی نـاوی و فرێـزی کاریـدا باسـی یاسـاکانی کـردووە، چونکـە لـە تێڕوانینـی ڕێزمانـی (ب، گ) دا، ڕستە لـە فرێـزی نـاوی و فرێـزی کاری پێـک دێـت. ئـەم دوو فرێـزە پێکهێنـەری سـەرەکیی ڕستەن و فرێزەکانـی تـر دەکەونـە ژێـر دەسـەڵاتی ئـەم دوو فرێـزەوە. کەرەسـتە ناسـەرەکییەکانیش لەژێـر باڵـی فرێـزی نـاوی و فرێـزی کاری شـی دەکرێنـەوە. بۆیـە هـەر کاتێـک بـە یاسا بـە ئارەزووەکانـی گوێزانـەوە توانیـمان کەرەستەیەک لابەریـن یـان بـۆ پێدانـی زانیاریـی زیاتـر زیـادی بکەیـن، یاخـود بـۆ مەبەسـت و ویسـتی خۆمـان شـوێنی بگۆڕیـن، ئـەوا لـەو حاڵەتـەدا بـەو کەرەسـتەیە دەڵێیـن (سـەربار). جـا لـە هـەر ئەرکێکـی سینتاکسـیدا بێـت یاخـود بـە هـەر کەرەسـتەیەکی مۆرفۆلۆجـی بنوێنرێـت.

یاسـاکانی گوێزانـەوە لـەڕووی پێڕەوکردنیـان لەسـەر ڕسـتە و ئـەو ئەرکـەی دەیبینـن، دەکرێـن بـە دوو جـۆر: (کـمال، ٢٠٠٢، ٥٨)

١،٢. یاسا گشتییەکان:

ئـەو یاسـایانەن کـە کار لەسـەر پێکهاتـەی دوو ڕسـتە دەکـەن بـۆ بەرهەمهێنانـی ڕستەیەکی ئاڵـۆز، ئەمـەش لـە ڕێگـەی ئاوێتەکـردن بەهـۆی تێکەڵکردنـی پێکهاتەیەکـی سـەرەکی لەگـەڵ پێکهاتەیەکـی ناسـەرەکی لەنـاو ڕسـتەی ئاڵـۆزدا. (محەمەدئەمیـن، ٢٠١٠، ١٨) لـە هەمانکاتـدا لاڕسـتەکان وەکـوو کەرەسـتەیەکی ناسـەرەکی (سـەربار)، دەتوانـن بەشـداری لـە پێکهاتـەی ڕسـتەی ناسادەشـدا بکـەن و هەندێـک زانیاریـی نەبیسـتراو بـە ڕسـتەکە

بەخشــن.

(١) ئەو مامۆستایەی کە لەوێ دانیشتووە، هاوڕێمە.

٢،٢. یاسا تایبەتییەکان:

ئــەو یاســایانەن کــە لەســەر یــەک پێکهاتــەی ڕســتەی بەرهەمهاتــوو، بــە یــەک زنجیــرە پێکهاتــە کار دەکــەن. (الوعــر، ١٩٨٨، ١٤٥) واتــە یاســاکان لەســەر یەکــتر پیــادە دەکرێــن. (کــمال، ٢٠٠٢، ٥٩) ئـەم یاسایانەش بـە دوو گۆڕانـکاری جیـاواز لـە پێکهاتـەی ڕسـتەدا بەدیـار دەکـەون: (افیتـش، ١٩٩٦، ٣٨٤)

١،٢،٢. یاسا بەخورتییەکان Obligatory:

ئــەو یاســایانەن کــە ناتوانیــن دەســتیان لــێ هەڵبگریــن و پێویســتە هەمــوکات پێڕەوبکرێــن، واتــە ئەگــەر (یاســایەکە پێویســتییەکی ســەرەکی بــێ، ئــەوا پێویســتە جــێ بەجــێ بکــرێ لەســەر هەمــوو ڕســتەیەکی زمانەکــە بۆئــەوەی ببێتــە ڕســتەیەکی دروســت لــەڕووی ڕێزمانــەوە.) (الخولــی، ١٩٩٩، ٢٥) (ئەگــەر ئــەم جۆرەیــان پێــڕەو نەکەیــن، ئــەوا لەئەنجامــدا بەهیــچ شــێوەیەک ڕســتە دروســت نابێــت.) (افیتــش، ١٩٩٦، ٣٨٤) بەمــەش بــۆ بەکارهێنــان یــان بەکارنەهێنانــی، ویســت و ئــارەزووی قســەکەری تێــدا دەرناکەوێــت، چونکــە پێویســتیی ســەرەکین لــە پێکهاتــەی ڕســتەدا. ئــەو کەرەســتە سینتاکســییانەی دەکەونــە بــەر یاســا بەخورتییــەکان، هیــچ کاتێــک ناتوانــن ئەرکــی ســەربار ببینــن، بەڵکــوو دەتوانرێــت بەهــۆی کەرەســتە ســەرباریەکانەوە واتــا و زانیاریــی زیاتریــان پــێ بدرێــت.

٢،٢،٢. یاسا بەئارەزووەکان Optional:

(ئەوەیــە کــە دەکرێــت ئــەم یاسـایانە جــێ بەجــێ بکرێــت یــان جــێ بەجــێ نەکرێــت لــە پێکهاتــەی ڕســتەدا، بەمــەش لــە هــەردوو بارەکــەدا هــەر ڕســتەیەکی واتــا دروســت و ڕێزمانــی بەرهەمدێــت.) (افیتـش، ١٩٩٦، ٣٨٤) پێڕەوکردنــی ئــەم جۆرەیــان بــە ویســت و ئــارەزووی قســەکەرە، واتــە ئەگــەر پێڕەویشــیان نەکەیــن ڕســتەکە هــەر تــەواوە، چونکــە پێڕەوکردنــی پێوەســتە بــە ویســتی قســەکەرەوە. یاســاکانیش بریتیــن لــە: (لابــردن، زیادکــردن، جێگۆڕکــێ). (ئەحمــەد، ٢٠٠٠، ١٤٢) کــە ئــەم ســێ یاســایە دەتوانرێــت هەمــان تایبەتمەنــدی ســەربارەکانی لــێ بەدیبکرێــت. ئــەو کەرەســتانەی لــە چوارچێــوەی یاســا بــە ئارەزووەکانــدا دەردەکــەون، پێویســتییەکی ناســەرەکین لــە پێکهاتــەی ڕســتەدا، بەهــۆی هەنــدێ تایبەتمەندیــی سینتاکســی و ســیمانتیکی دەتوانرێــت جیــا بکرێنــەوە لــە کەرەســتە ســەرەکییەکان.

لێــرەدا پێویســتە تێبینــی ئــەوە بکەیــن کــە یاســاکانی گوێزانــەوە بەگشــتی کار لەســەر کەرەســتە ســەرەکییەکانی ڕســتەدا دەکــەن، لــە هەمانکاتــدا هەمــوو ئــەو تایبەتمەندییــە سینتاکســییانەی لــە یاســا بەئارەزووەکانــی گوێزانــەوەدا هەیــە، دەتوانرێــت لــە کەرەســتە ســەرباریەکانیش بــەدی بکرێــت، وەک: دەتوانرێــت ســەربارەکان لەڕســتەدا لابرێــن، یــان بــۆ پێکهاتــەی ســەرەکیی ڕســتەیەک زیادبکرێــن، یاخــود بەویســتی ئاخێــوەر لەڕســتەدا جێگۆڕکێیــان پێدەکرێــت. یاســا بەئارەزووەکانــی ڕســتەی کــوردی ئەمانــەن:

١ـ زیادکــردن: بریتییــە لــە دانــان و زیادکردنــی کەرەســتەیەک یــان زیاتــر بــۆ پێکهاتــەی ســەرەکیی ڕســتە. لــە هەمــان کاتــدا زیادکــردن یەکێکــە لــە توانــا و تایبەتییەکانــی ســەربار. نموونــە:

(٢) ڕۆمانەکەم تەواوکرد.

(٣) ئێستە ڕۆمانەکەم بەسەرکەوتویی تەواوکرد.

٢ـ لابــردن: مەبەســت لــە لابــردن ئەوەیــە، کەرەســتەیەک لــە پێکهاتــەی ســەرەکیی ڕســتە لاببــرێ، کــە لــە وشــە و ڕســتە و بەشــە جیاجیاکانــی زمــان ڕوودەدات. ئــەم یاســایە لەســەر کەرەســتە ســەرەکییەکان جێبەجێدەکرێــت، هەروەهــا لەســەر کەرەســتە ناســەرەکییەکانیش جێبەجێدەکرێــت بەتایبــەت ســەربارەکان، چونکــە توانــای لابردنیــان هەیــە. نموونــە:

(٤) مامۆستا بەپەلە هات.

(٥) مامۆستا هات.

٣ـ جێگۆڕکــێ: ئەمەیــان پێوەنــدی بــە گۆڕینــی شــوێنی کەرەســتەکانی ڕســتەوە هەیــە، جێبەجێکردنــی ئــەم یاســایە لەســەر ســەربارەکان لەلایەنــی سینتاکســی بەئــارەزووە، بــەڵام لەلایەنــی واتاییــەوە بــۆ جەختکردنــە لەســەر کەرەســتە ســەرباریەکان. ســەیری نموونــەی ژمــارە (٤٩ـ أ، ب، پ، د)بکــە.

تەوەرەی دووەم: سەربار لە زمانی کوردیدا:

١. زاراوەی سەربار:

ئەگــەر لێکۆڵینەوەیەکــی پوخــت و پێویســت بــۆ زاراوەی (ســەربار) لــە فەرهەنگــی زمانــی کوردیــدا بکەیــن، ڕەنگــە

بمانگەیەنێتە ئەو بۆچوون و لێکدانەوانەی کە سەربار بەو بارودۆخە زیاد لە پێویستییانە دەگوترێت کە دەخرێتە سەر شتێکی کامل و پێگەیشتوو. لە فەرهەنگی خاڵدا زاراوەی (سەربار) بەم جۆرە پێناسە کراوە: "بریتییە لە ئیشوکارێکی لاوەکی کە خرابێتە سەر ئیشوکارێکی تایبەت." (خاڵ، ٢٠٠٥، ٢٦٧) لە عەرەبیدا وشەی (زائد، الزیادة) بەرانبەر زاراوەی سەربار بەکار دێت، کە زیادەیەکە لەڕووی دروستکردنی واتاوە هاتن و نەهاتنی وەکوو یەکە. (بن علی، ٢٠٠١، ٦٤) هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی (Adjunct)ی بۆ بەکار هاتووە، کە (زاراوەیەکە لە بیردۆزی ڕێزمانیدا بەکار دێت بۆ ئاماژەدان بەو توخمە بەئارەزووانەی کە لەپێکهاتەی ڕستەدا دەردەکەون، کە دەتوانرێت لابرێت بەبێ ئەوەی کار لە پێکهاتەی سەرەکی بکات.) (Crystal, ٢٠٠٨, ١٢) بەمەش سەربار واتای لاوەکی و بەئارەزوو و زیادەیەکی ناپێویستی دەگەیەنێت. ڕەنگە ئەم لێکدانەوەیە بۆ زاراوەی سەربار لە بواری زمانەوانیشدا ڕاست بێت، چونکە لەچوارچێوەی زمانەوانیدا سەربار وەکوو ئەرکێکی سینتاکسی باوترین و گرنگترین تایبەتمەندی، کە لە هەموو ئەرکە سینتاکسییەکانی تر جیای دەکاتەوە، بریتییە لەوەی کە سەربار لە پێکهاتەی ڕستەدا کەرەستەیەکی بەئارەزووە، واتە دەتوانرێت لابرێت بەبێ ئەوەی پەسەندێتی ڕێزمانی و پەسەندێتی واتاییی ڕستەکە بشێوێت.

٢. چەمک و پێناسەی سەربار:

لەم تەوەرەیەدا لە گۆشەنیگای بۆچوونی زمانەوانان، ناساندنی سەربار لەزمانی کوردیدا دەخەینە ڕوو:-

سەرباری ڕستە "بەو کەرەستانە دەگوترێ کە دەتوانرێت لە ڕستەدا لابرێن بێ ئەوەی واتا و ڕۆنانیان بشێوێ، بەم پێیە هەموو دیارخەرێ دەبێت بە سەرباری ڕستە." (ئەحمەد، ١٩٨٨، ١٣) توێژەر لابردنی کەرەستەکانی کردووەتە مەرج بۆ دیاریکردنی سەرباری ڕستە. واتە دوای لابردنی کەرەستەکان، نابێ ڕستەکە واتا و ڕۆنانی لەدەست بدات. بەمەش هەموو دیارخەرێکی کردووە بە سەرباری ڕستە. نموونە:

(٦) أ_ ئازاد نامەکەی باوکی دڕاند.

ب _ ئازاد نامەکەی دڕاند.

لە نموونەی ژمارە (٦ – أ)دا وشەی (باوک) بووەتە دیارخەر بۆ (نامەکە)، کە دەتوانرێت لابرێت بەبێ ئەوەی ڕستەکە واتا و ڕۆنانی لەدەست بدات، وەک لە (٦ – ب)دا دەردەکەوێت.

"سەربار بەو کەرستانە دەوترێت کە ڕستەکە بەشێوەیەکی لاوەکی فرەوان دەکەن و دەتوانین لایان بدەین بێ ئەوەی واتای ڕستەکە بشێوێت، بوونیان لەڕستەدا تەنیا بۆ زیاتر زانیاری گەیاندن و ڕوونکردنەوەی ڕستەکەیە." (بەگیخانی، ١٩٩٦، ٥٩) واتە لابردنیان کار ناکاتە سەر لایەنی دروستی و نادروستی ڕستەکان لەڕووی واتاوە و هیچ جۆرە نادروستییەک لەڕووی ڕێزمانەوە دروست ناکات لەڕستەدا، بەڵام لابردنی تەواوکەر لەڕستەدا، ڕستەیەکی ناڕێزمانی دروست دەکات.

"مەبەست لە سەربار، ئەو پێکهێنە سەرپشکییانەن/ بەئارەزووانەن کە هەندێ زانیاریی سەربار (زیادە) سەبارەت بە چۆنیەتی و کات و شوێنی....هتد ڕوودانی کارەکە پێشکەش دەکەن." (محەمەد، ٢٠٠٩، ٩٠) توێژەر لە ناساندنی سەرباردا، لایەنێکی بەکارهێنانی مەبەستی پێکهێنە بەئارەزووەکان دیاری دەکات، کە پێی وایە پێکهێنە بەئارەزووەکان زانیاریی زیادە سەبارەت بە لایەنێکی ڕوودانی کارەکە پێشکەش دەکەن. واتە دەکرێ ڕستەی سادە بەهۆی هەندێ کەرەستەی ترەوە فرەوان بکرێت، کە دەبنە سەرباری ڕستەکە و ڕستەیەکی سادەی فرەوانکراو بەرهەم دەهێنن. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت سەربار کەرەستەیەکی بەئارەزووە، چونکە هەندێ زانیاریی زیادە و بەئارەزوو بەدەستەوە دەدات.

"مەبەست لە سەرباری (ف.ک)، ئەو کەرەستانەن، کە لابردنیان هیچ کارێک ناکەنە سەر لایەنی واتا و ڕێزمانی ڕستە، بەڵکوو ئەرکیان، تەنیا دەرخستنی زانیاریی زیاترە، دەربارەی لایەنەکانی ڕووداو." (حسێن، ٢٠٠١، ٣٤) واتە بۆ دیاریکردنی سەرباری فرێزی کاری، ئەو کەرەستانە بە سەرباری فرێزی کاری دادەنرێن کە تەنیا زانیاریی زیاتر لەبارەی لایەنەکانی ڕوودانی کارەکە دەردەخەن.

"سەربار ئەو واژە یان واژانەیە لەڕستەدا کە نە بکەرە، وە نە کارە، بەڵام تەواوکەری لایەکی ڕستەکەیە (واتە: یان

تەواوکەری بکەرە، وە یان تەواوکەری کارە." (ئەمین، ٢٠١٥، ٥٣) بەگوێرەی ئەم پێناسەیە لە ڕێزمانی کۆندا، سەربار بەستراوەتەوە بە هەردوو کەرەستەی سەرەکی بکەر و کار، هەروەها بە تەواوکەر ناوبراوە، نموونە:

(٧) کوڕەکەی تۆ دەچێ بۆ سۆلاف.

لە نموونەی ژمارە (٧)دا دەستەواژەی (تۆ) بە سەرباری بکەر(کوڕەکە) دانراوە، دەستەواژەی (بۆ سۆلاف) بە سەرباری کار(دەچێ) دانراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لە ڕێزمانی کۆن، سەربار بە هەردوو کەرەستەی سەرەکی (بکەر، کار) بەستراوەتەوە.

"سەربار توخمێکی کەمبایەخ، یان سەرپشکییە و کرتاندنی لە ڕۆنانە ڕێزمانییەکاندا، کار ناکاتە سەر ناسنامەی ڕۆنانی ڕۆنانە ڕێزمانییەکە و ئامادەبوون و ئامادەنەبوونیان لە ڕۆنانی ڕستەی سەرەکیدا، هیچ گرفتێک دروست ناکات، بەڵکوو ئەرکیان تەنیا دەرخستنی زانیاریی زیادەیە دەربارەی لایەنەکانی ڕووداو." (کانبی، ٢٠١٥، ١٠)

لە شیکردنەوەی ئەم بۆچوونانە دەتوانین ئەم تایبەتمەندییانە بەدی بکەین:

١. هەموو دیارخەرێک دەبێت بە سەربار.

٢. هەر کەرەستەیەکی سینتاکسی توانای لابردنی هەبێت، واتە دوای لابردنی کەرەستە سینتاکسییەکە، ڕستەکە واتا و ڕۆنانی لەدەست نەدات، بەو کەرەستەیە دەگوترێت سەربار.

٣. لایەنێکی تر لە مەبەستی بەکارهێنانی سەربارەکان، پێدانی زانیاریی زیاترە بە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە.

٤. هەموو ئەو کەرەستە سینتاکسییانەی توانای لابردنیان هەیە، دەتوانین لە دوو لایەنەوە لێکدانەوەیان بۆ بکەین، ئەوانیش لایەنی (سینتاکسی و سیمانتیکی)ین.

٥. لەلایەنی واتایی ئەرکی دەرخستن و پێدانی زانیاریی نەبیستراو و زیاترە بە بکەری ڕستەکە یان ڕوودانی کارەکە. لەلایەنی ڕستەسازیش وەکوو ئەرکێکی سینتاکسی ڕۆڵیان فرەوانکردنی ڕۆنان و پێکهاتەی فرێز و ڕستەیە.

کەواتە سەربارەکان لە پێکهاتەی فرێزی ناویدا زانیاریی زیاتر لەبارەی سەرەی فرێزەکەوە دەبەخشن، یان لەبارەی شێوازی ئەنجامدانی کارەکە لەلایەن بکەرەوە زانیاریی زیاترمان پێ دەدات و شێواز و چۆنیەتی جێبەجێکردنی کارەکە ڕوونتر دەکاتەوە. واتە بریتییە لە پێدانی زانیاریی زیاتر لەبارەی وشەکانی پرسی (چۆن؟، کەی؟، لەکوێ؟) ئەم کارە ڕوویداوە؟ نموونە:

(٨) یاریزانەکە بەجوانی یاری دەکات.

(٩) منداڵەکە بەشەو دەخەوێت.

(١٠) قوتابییەکان لە کۆڕە زانستییەکەدا ئامادە بوون.

لەم ڕستانەدا کەرەستەکانی (بەجوانی، بەشەو، لە کۆڕە زانستییەکە) دەبن بە سەربار و وەڵامی وشەی پرسی (چۆن و کەی و لەکوێ) دەدەنەوە. بەهەمان شێوە لەلایەن گوێگرەوە دەتوانرێت لە ڕێگەی پرسیارکردن، کۆمەڵێک زانیاری نەزانراو بەدەستبهێنرێت، وەک لەم نموونانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

(١١) یاریزانەکە چۆن یاری دەکات؟ ⟵ بەجوانی.

(١٢) منداڵە کە کەی دەخەوێت؟ ⟵ بەشەو.

(١٣) قوتابییەکان لەکوێ ئامادەبوون؟ ⟵ لە کۆڕە زانستییەکە.

لەئەنجامدا پێناسەی توێژەر بۆ سەربار بەم جۆرەیە:

سەربار: بریتییە لەو کەرەستانەی (وشە، فرێز، لاڕستە) کە لە ڕستەدا لە پێکهاتەی فرێزی ناوی و فرێزی کاریدا دەردەکەوێت، لەلایەنی سینتاکسییەوە ئەرکیان فرەوانکردنی پێکهاتەی فرێز و ڕستەیە، کە دەتوانرێ لابرێن. هەروەها لەلایەنی سیمانتیکییەوە ڕۆڵیان جەختکردن و زانیاری پێدانە بە بکەری ڕستە یان لایەنی ڕوودانی کارەکە.

٣. سەربار و فرێزی ناوی:

فرێزی ناوی "بریتییە لە ڕۆنانێک، کە پێک هاتووە لە ڕەگەزێکی سەرەکی (سەرە) کە بەناوێک دەناسرێتەوە، لەگەڵ وشەیەکی شوێنکەوتوو(dependent) یا زیاتر، کە بەئارەزووە" (محەمەد، ٢٠٠٠، ٣٤) واتە یەکێکە لە دوو پێکهێنە بنەڕەتییەکانی ڕستە، ئەرکی ناو دەبینێت. لەسادەترین ڕۆنانیدا لە ناوێک یان زیاتر پێک دێت. دیارخەرەکانیش لەپێش سەرە یان لەدوای سەرەدا دەردەکەون، ئەو دیارخەرانە بەیارمەتی ئامرازی خستنەسەری (و، ی)، یاخود هەندێ جار بەبێ ئامرازی خستنەسەر بە سەرەی فرێزەکەوە دەلکێن، دیارخەرەکان

وشـــەی شـــوێنکەوتوو و بەئـــارەزووون کـــە ئەرکـــی ســـەربار دەبینـــن. بـــەم جـــۆرە فرێزێکـــی نـــاوی فرەوانکـــراو بەرهـــەم دێـــت، ســـەرەی فرێـــزە ناوییەکـــە دیارخەرێـــک یـــان زیاتـــر لـــە دیارخەرێـــک وەردەگرێـــت، بەگوێـــرەی ویســـت و مەبەســـتی قســـەکەرەکە، کـــە ئایـــا بـــۆ دەرخســـتن و ڕوونکردنـــەوەی ســـەرەی فرێـــزە ناوییەکـــە پێویســـتی بـــە دیارخەرێـــک یـــان زیاتـــر لـــە دیارخەرێـــک هەیـــە. (فەرهـــادی و بەرزنجـــی، ٢٠٢٠، ١٢٢-١٢٣) دیارخەرەکانیـــش لـــە چوارچێـــوەی فرێـــزی ناویـــدا دەبـــن بـــە ســـەربار، جـــا بەهـــەر کەرەســـتەیەکی مۆرفۆلۆجـــی دەربکـــەون، یـــان لـــە هـــەر ئەرکێکـــی سینتاکســـیدابن. بەمـــەش یاســـایەکی پێکهاتـــەی فرێـــزی ناویـــمان دەســـت دەکەوێـــت و دیارخـــەرەکان بـــەم یاســـایە دەتوانـــن بـــە ســـێ شـــێوە فرێـــزی نـــاوی فـــرەوان بکـــەن:

یاسای ژمارە ١

(١) ف ن ⟵ أ- دیارخەر + سەرە.

ب- سەرە + ئامراز + دیارخەر.

پ- دیارخەر + سەرە + ئامراز + دیارخەر.

نموونە:

(١٤) هەندێک کۆتری جوانم بینی.

بەگوێـرەی یاسـاکانی ژمـارە (١، أ – ب)، دەتوانیـن نموونـەی ژمـارە (١٤) بـەم جـۆرە شـیبکەینەوە:

(١٥) هەندێک کۆترم بینی. ⟵ أ- دیارخەر + ناو.

(١٦) کۆتـــری جوانـــم بینـــی. ⟵ ب- نـــاو + ئامـــراز + دیارخـــەر.

هەنـدێ لـە بەشـەکانی ئاخاوتـن وەکـوو (نـاو، ئاوەڵنـاو، چـاوگ، ڕادە،...) لـە ڕۆڵـی دیارخـەردا دەبـن بـە سـەربار. لـە ڕۆنانـی فرێـزی ناویـدا دیارخـەرەکان (سـەربار) دەتوانـن بـە سـێ شـێوە دەربکـەون و فرێـزی نـاوی فـرەوان بکـەن:

١,٣. دیارخەرەکانی پێش سەرە:

بەشـــەکانی پێـــش ســـەرە ئـــەو کەرەســـتانەن کـــە ســـەرەی فرێزێکـی نـاوی بەبـێ یارمەتـی ئامـرازی خستنەسـەر فـرەوان دەکـەن و ئەرکـی دیارخـەری ناوەکـەش دەبینـن. (محەمـەد، ٢٠٠٠، ٤٠) واتـــە ســـادەترین فرێـــزی نـــاوی دەتوانێـــت دیارخەرەکانـی پێـش سـەرە وەرگرێـت. لەزمانـی کوردیـدا ئـەو کەرەسـتانەی بەبـێ ئامـرازی خستنەسـەر پێـش سـەرە دەگـرن و دەبـن بـە سـەربار و دەتوانیـن لایـان بدەیـن، بریتیـن لـە:

١_ وشەی (هەر، تەنیا):

(١٧) هەر یاریزانێک شوێنی خۆی بگرێت.

(١٨) تەنیا هەڵوێست لێرەیە.

٢_ ژمارە:

(١٩) سێ یاریزان گۆڵیان تۆمارکرد.

٣_ ڕادە:

(٢٠) هەندێ قوتابی دەرنەچوون.

٤_ ئاوەڵناوی پلەی باڵا:

(٢١) خۆشترین خواردنم هێناوە.

٥_ ناسناو و ناوی پیشە:

(٢٢) وەستا کاروان سەیارەکەی چاکردەوە.

(٢٣) حاجی یادگار دراوسێمانە.

٢,٣. دیارخەرەکانی دوای سەرە:

(فرێـزی نـاوی دەتوانرێـت بەیارمەتـی دیارخەرەکانـی دوای سـەرە فـرەوان بکرێـت، بەشـێوەی ناڕاسـتەوخۆ و بـە یارمەتیـی (ی) ئامـــرازی خستنەســـەر). (کەریـــم، ٢٠١٤، ٦٠) لێـــرەدا مەبەســـت لـــە فرەوانکـــردن بـــە دیارخەرەکانـــی دوای ســـەرە بەشـــێوەی ناڕاســـتەوخۆ، ئـــەو کەرەســـتانەن کـــە پێکهاتـــەی دەرەوەی فرێـــزە ناوییەکـــە فرەواندەکـــەن، چونکـــە (فرێـــزی نـاوی دەتوانرێـت لـە نـاوەوە بەهـۆی مۆرفیمـە ڕێزمانییەکانـی نـــاسراوی و نەناسراویـــش فرەوانبکرێـــت). (مەعـــروف، ٢٠١٠، ١٦) ســـەرەی فرێـــزە ناوییەکـــە بـــە دیارخەرێـــک یـــان زیاتـــر فرەواندەکـــەن و دەبنـــە دیارخـــەری دوای ســـەرە، ئـــەم فراواکردنـــەش بـــە کەرەســـتەکانی (نـــاو، جێنـــاوی ســـەربەخۆ، ئاوەڵنـــاو، چـــاوگ، فرێـــزی بەنـــد، لاڕســـتە) دەبێـــت، وەک:

(٢٤) ناو: کوڕەکەی بەڕێوەبەر بەیەکەم دەرچوو.

(٢٥) جێناوی سەربەخۆ: کوڕەکەی تۆ ژیکەڵەیە.

(٢٦) ئاوەڵناو: گوڵی سور دەکەم بە دیاری.

(٢٧) چـــاوگ: ژورێکـــی خەوتـــن بـــۆ میوانـــەکان ئامـــادە کـــراوە.

(٢٨) لاڕســـتە: ئـــەو مامۆســـتایەی کـــە لـــەوێ دانیشـــتووە، هاوڕێمـــە.

شـێوەی سـێیەم لـە فرەوانکردنـی فرێـزی نـاوی لەڕسـتەدا دەکرێـــت لـــە هـــەردولاوە فرەوانبکرێـــت، ئەویـــش بـــە

بەشـداریکردنی ئـەو کەرەسـتانەی کـە دەکەونـە لای ڕاسـت و چەپـی سـەرە، کـە دەبـن بـە دیارخـەری سـەرەی فرێـزە ناوییەکـە و بـە کەرەسـتەیەکی ناسـەرەکی لەڕسـتەدا دادەنرێـن. وە مـەرج نییـە ئـەو کەرەسـتانە هەموویـان بەیەکـەوە بەشـداری لـە فرەوانکردنـی ڕسـتەکەدا بکـەن، بەگوێـرەی شـوێنی دەرکەوتنیـان واتـە ئـەو کەرەسـتانەی دەکەونـە پێـش سـەرە، بـە دیارخەرەکانـی پێـش سـەرە و ئەوانەشـی دەکەونـە دوای سـەرە بـە دیارخەرەکانـی دوای سـەرە ناودەبرێـن. (رسـول، ٢٠٠٦، ٥٢) هەروەهـا بەشـە ئاخاوتنـی ژمـارە چ وەکـوو کەرەسـتەی پێشـەوە یاخـود دواوە، بەشـداری لـە دروسـتکردن و فرەوانکردنـی فرێـزی ناویـدا دەکـەن. (ڕەسـووڵ، ٢٠٠٩، ٩٥) سـەیری یاسـای ژمـارە (١ پ) بکـە. نموونـە:

(٢٩) <u>چەند</u> <u>گڵێکی</u> <u>ڕەنگاوڕەنگم</u> بینی.

دیارخە سەرە ئامراز دیارخەر

کەواتـە ئـەو کەرەسـتانەی ڕۆنانـی فرێـزی نـاوی فـرەوان دەکـەن و لـە ڕۆڵـی دیارخـەردا دەبـن بـە سـەربار، بریتیـن لـە: (نـاو، جێنـاوی سـەربەخۆ، ئاوەڵنـاو، ڕادە، چـاوگ، فرێـزی بەنـد، لاڕسـتە).

٤. سەربار و فرێزی کاری:

فرێـزی کاری یەکێکـی تـرە لـە دوو پێکهێنـە بنەڕەتییەکانـی دروسـتبوونی ڕسـتە بەپێـی تیۆریـی بەرهەمهێنـان و گوێزانـەوە. بوونـی لەڕسـتەدا بەخورتییـە، بەجۆرێـک لەڕۆنانـی سـەرەوە و ژێـرەوەدا وەکـوو پێکهێنێکـی بنجـی و چەسـپاو دەردەکەوێـت. زۆرجـار کەرەسـتەکانی وەک (ئاوەڵنـاو، ئاوەڵـکار، فرێـزی بەنـد،...) دەخاتـە حاڵەتێکـی سەرپشـکی. واتـە سـادەترین فرێـزی کاری لەکارێـک پێـک دێـت کـە سـەرەکەی کارێکـە لەگـەڵ تەواوکەرێـک یـان سـەربارێک یاخـود هەردوکیـان گوزارەیـەک پێکدێنـن. (عـەول، ٢٠٠٨، ١٥) فرێـزی کاری بـە دوو شـێوە فرەواندەکرێـت:

١،٤. فرەوانکردن لەناوەوە:

کار لەزمانـی کوردیـدا لـە مۆرفیمێـک زیاتـر پێـک دێـت، واتـە هەمـوو کارێـک لەکوردیـدا ناسـادەیە، داڕێـژراوە یـان لێکـدراو. کاری داڕێژراویـش بـەوە پێناسـە دەکرێـت کـە لەکۆمەڵێـک مۆرفیمـی بەنـد پێـک دێـت و مۆرفیمـەکان ناتوانـن لەشـێوەی سـەربەخۆدا دەربکـەون. بەشـێک لـەو مۆرفیمانـە دەکەونـە پێـش ڕەگـی کارەکـە، وەکـوو (پێشـگرەکان، مۆرفیمـی نـەرێ، ئەسـپێکتەکان،...)، بەشـێکیش دەکەونـە دوای ڕەگـی کارەکـە، وەکـوو (مۆرفیمـی تێپەڕاندن}انـدن{، مۆرفیمەکانـی کاتـی ڕابـردو}ا،و،د،ت،ی{،...). هەرچـی کارە لێکدراوەکانـە لـە کارێکـی داڕێـژراو و کەرەسـتەیەکی تـر پێـک دێـت، کـە ئـەو کەرەسـتەیە مۆرفیمێکـی سـەربەخۆیە لـە شـێوەی نـاو یـان ئاوەڵنـاو یـان ئاوەڵـکار. (محەمـەد، ٢٠٠٠، ٦٧) نموونـە:

(٣٠) ئاگرەکەی <u>هەڵکرد</u>. داڕێژراو.

(٣١) ئاڵاکەی <u>بڵندکرد</u>. لێکدراو.

ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە "ڕەگـی کار مۆرفیمێکـی بەنـدی تەوەرەییـە (سـەرە) خـۆی پێویسـتییەکانی خـۆی هەڵدەبژێـرێ، پێویسـتییە سـەرەکییەکان هەرگیـز نابێـت لابدرێـن، چونکـە پێویسـتی بەخورتیـن، وەک مۆرفیمەکانـی کات، جێنـاوە لـکاوەکان" (کەریـم، ٢٠١٤، ٩٠) کەواتـە ئـەو مۆرفیمـە بەندانـەی پێکهاتـەی نـاوەوەی فرێـزی کاری فـرەوان دەکـەن، ناتوانـن لـە شـێوەی سـەربەخۆدا دەربکـەون و بـە تەنیـا واتـا ببەخشـن، بەڵکـوو وەک پێویسـتییەکی سـەرەکی لەگـەڵ سـەرەی فرێـزە کارییەکـە یـەک دەگـرن و ناتوانیـن دەسـتبەرداریان ببیـن. لەبـەر ئـەوە ناتوانـن وەکـوو کەرەسـتەیەکی بەئـارەزوو ڕۆڵـی سـەربار ببینـن.

٢،٤. فرەوانکردن لە دەرەوە:

فرێـزی کاری لـە دەرەوە دەتوانرێـت بـە چەنـد کەرەسـتەیەکی ڕێزمانـی فـرەوان بکرێـت، یەکـێ لـەو کەرەسـتانە فرێـزی ناوییـە کـە ئەرکـی بـەرکاری ڕاسـتەوخۆ دەبینێـت لەڕسـتەدا، لەکاتێکـدا ئەگـەر کارەکـە لـەڕووی هێـزەوە تێپـەڕ بـوو. هەروەهـا دەتوانرێـت بەهـۆی فرێزێکـی بەندیشـەوە فرەوانبکرێـت، کـە لەئەرکـی بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆدا دەبێـت. (محەمـەد، ٢٠٠٠، ٨٢-٨٣) جگـە لـەم دوو ئەرکـە سینتاکسـییە، فرێـزی کاری بەچەنـد کەرەسـتەیەکی تـری وەک (ڕادە، ئاوەڵـکار، ڕسـتە) فرەواندەکرێـت. ئـەو کەرەسـتانەش لەهەنـدێ بـاردا ئەرکـی تەواوکـەر دەبینـن، لـە هەنـدێ باریشـدا ئەرکـی سـەربار دەبینـن، نموونـە:

(٣٢) <u>باوکەکە</u> <u>هەموو</u> <u>بەیانییەک</u> <u>منداڵەکانی</u> <u>بەپاس</u> <u>بۆ قوتابخانە</u> <u>دەنێرێت.</u>

بکەر ڕادە ئاوەڵکار بەر ڕا بە نارا ئا شوێنی کار

سەربار

لە ڕۆنانی فرێزی کاریدا ئەو کەرەستانەی دەرەوەی فرێزە کارییەکە فرەوان دەکەن و وەکوو کەرەستەیەکی ناسەرەکی ئەرکی سەربار دەبینن، بریتین لە: ڕادە، ڕستە، (ئاوەڵکارەکانی: کاتی، شوێنی، چۆنیەتی، پێوانە، وەسیلە، هۆیی، دوبارەکردنەوە، مەبەست، تەرتیبی،...). (حسێن، ٢٠٠١، ٣٥)

٥. ئەرکی سینتاکسی کەرەستەکانی ڕستە:

ڕێزمان وەک ماددەیەکی زانست یەکێکە لە بەشە پێکهێنەرەکانی زمانناسی و بریتییە لە کۆمەڵێک یاسا و دەستوور لەبارەی گۆڕینی وشە و چوونەپاڵ یەکتری وشە لە ڕستەدا. هەر زمانێکیش خاوەنی ڕێزمانی خۆیەتی، لەبەر ئەوە ڕێزمان وەک زانستێک لەسەر کەرەستەی چەسپاوی ئەو زمانە دادەڕێژرێ. (مارف، ٢٠١٤، ٥) کەواتە ڕێزمان بەوەی کە بریتییە لە سیستەمێکی پتەوی ئەو بنەمایانەی کە پێکهاتنی ڕستەکانی زمانێک دیاریدەکەن، یەکێک لەو یەکە بنچینەیی و سەرەکییانەی کە ڕێزمان خۆی پێوە خەریک دەکات و گرنگی پێدەدات ڕستەیە. واتە ڕێزمان پێمان دەڵێت. کە پێکهێنەکانی ڕستە چین و چۆن کار لەیەکتری دەکەن و بەچ شێوەیەک ڕیزدەبن. (محەمەد، ٢٠٠٩، ٦٩) هەر دانەیەکی ڕێزمانی بتوانێ دەوری بەشێکی بنجیی ڕستە بگێڕێت، فرێزێک پێک دێنێ سادەترین ڕستەش لە دوو کەرت پێک دێت کە بریتین لە (فرێزی ناوی و فرێزی کاری). (ئەمین، ٢٠٠٩، ١٩٩) واتە "لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی ئەوە چەسپاوە کە سادەترین ڕستە لە فرێزێکی ناوی و فرێزێکی کاری پێک دێت." (بەرزنجی، ٢٠٠٤، ٦٦) بەم جۆرە کەرەستە پێکهێنەرەکانی ڕستە لەڕووی گرنگی ڕستەسازییەوە دەکرێت بە دو جۆر: کە لە کەرەستەی سەرەکی و ناسەرەکی پێک دێت، کەرەستە سەرەکییەکان بەخورتین (Obligatory) کە (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کار) دەگرێتەوە و پێویستە لە پێکهاتەی ڕستەدا هەبن و ناتوانرێت لابردرێن، بەڵام کەرەستە ناسەرەکییەکان سەرپشکین (ئارەزوووومەندانە_Optional)، کە سەربار دەگرێتەوە و دەتوانرێت لابردرێت. (برزۆ، ٢٠٢٠، ٧٩)

هەر ڕستەیەکیش سادە بێت یان ناسادە، لەچەند کەرەستەیەک پێک دێت. ئەو کەرەستانەش ئەرکی جیاجیا وەردەگرن وەکوو (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، سەربار،...). کەواتە ڕەگەزی کەرەستەکانی ڕستە بریتین لە (بکەر، بەرکار، تەواوکەر، کار، سەربار). لێرەدا دوو جۆر کەرەستە دیاریدەکەین، کەرەستە بەخورتییەکان و بەئارەزووەکان. دواتر جۆری هەریەکە لە ڕەگەزی کەرەستەکانی ڕستە بەگوێرەی جێکەوتەکانیان، دەستنیشان دەکەین، بەم شێوەیە:

١,٥. کەرەستە سەرەکییەکان:

ئەو کەرەستانەی ڕستەن، کە وەکوو پێویستییەکی سەرەکی لە پێکهاتەی ڕستەدا دەردەکەون و ناتوانرێت لابرێن. (واتە ئەو بەشانەن، کە لە پێکهێنانی هەموو ڕستەیەکدا بەشداری دەکەن.) (فتح اللە، ١٩٩٠، ٨) کەرەستەی سەرەکی و بنجی ڕستەن و بەگوێرەی یاسا بەخورتییەکانی تیۆریی بەرهەمهێنان و گوێزانەوە بوونیان لەڕستەدا بەخورتییە و ناتوانرێ لابرێن، چونکە بە لابردنیان کار لە پێکهاتەی واتایی و ڕێزمانی ڕستە دەکەن. لەبەر ئەوە شوێنی کەرەستە سەرەکییەکان چەسپاو و نەگۆڕن و بەپێی ئەو یاسایانە ڕیزدەکرێن و دەخرێنە پاڵ یەکتری، بۆئەوەی ڕستەیەکی دروست و واتاڕاست بەرهەمبهێنرێت لەڕووی ڕێزمان و واتاوە. وەرگرتنی کەرەستە سەرەکییەکانیش بەگوێرەی هێزی کارەکە دەگۆڕێت:

ئەگەر کاری ڕستەکە تێنەپەڕ (Intransitive) بوو، ئەوا کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستەکە لە (بکەر، کار) پێک دێت و بەگوێرەی پێویستی کارە تێنەپەڕەکە تەنیا بکەر وەردەگرێت، نموونە:

(٣٣) کەوەکە فڕی. ← (بکەر + کار).

ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ (Transitive) بوو، ئەوا پێویستییە سەرەکییەکانی ڕستەکە بریتی دەبن لە (بکەر، بەرکار، کار)، چونکە لەو بارەدا کار پێویستی بە دوو کەرەستەی سەرەکییە وەکوو (بکەر و بەرکار). بە لابردنی هەریەک لەمانە، ڕستەی ناڕێزمانی و واتا نادروستی لێ بەرهەمدێت، (محەمەدئەمین، ٢٠١٠، ٢٥-

٢٦) نموونــە:

(٣٤) پشیلەکە ماسییەکەی خوارد.

ئەگــەر تەواوکەریــش لەڕســتەکەدا هەبــو، ئــەوا دەبێتــە پێویســتییەکی هەمیشــەیی کارەکــە و ناتوانرێــت وازی لــێ بهێنرێــت، واتــە دەبێتــە کەرەســتەیەکی بەخورتــی، لابردنــی دەبێتــە هــۆی ناڕێزمانــی بوونــی ڕســتەکە و تێکچوونــی واتاکــەی، (حەســەن، ٢٠١٥، ٣٤) نموونــە:

(٣٥) کوڕەکــە بــوو بــە مامۆســتا. ⟵ تەواوکــەر (بــە مامۆســتا).

(٣٦) کوڕەکە بوو.

هەرچەنــدە لــە نموونــەی (٣٥)دا فرێــزی بەنــدی (بــە مامۆســتا) جێکەوتــەی تەواوکــەری پــڕ کردووەتــەوە، بــەڵام بــە لابردنــی کرۆکــی واتــای ڕستەکە دەگۆڕێــت، بڕوانــە (٣٦). کەواتــە بەگوێــرەی یاســا بەخورتییەکانــی تیــۆری (ب، گ)، کەرەســتە ســەرەکییەکانی ڕســتە ئــەم ئەرکانــەی خــوارەوە دەبینــن:

٥.١.١. بکەر (Subject):

"بکــەر ئــەو بەشــەیە، کــە بەشــێوەیەکی گشــتی دەکەوێتــە ســەرەتای ڕسته و کار باســێکی لەبــارەوە ڕادەگەیەنێــت". (فتح اللــه، ١٩٩٠، ٥) بــەم جــۆرە بکــەر وەک پێکهاتەیــەک دەناسرێــت، کــە پێناســەی باســی ڕســتەکە دەکات، واتــە ئــەوەی ڕســتەکە لەبارەیــەوە دەدوێــت، بــەڵام گــوزارە ئەوەیــە کــە لەبــارەی بکــەرەوە دەدوێــت. (عــەول، ٢٠٠٨، ٢٥) بەشــێوەیەکی گشــتی ڕســتەی ســادەی زمانــی کــوردی لــە دوو بنچینــە پێــک دێــت، کــە بەشــی بکــەری و بەشــی کاریــن. بەشــی بکــەری هەمیشــە جێکەوتــەی فرێزێکــی ناوییــە و بەشــەی کارەکــەش جێکەوتــەی فرێزێکــی کارییــە، (مەعــروف، ٢٠١٠، ١١) نموونــە:

(٣٧) زەردەشت ڕۆیشت.

بکەر کار

نموونــەی ژمــارە (٣٧) دەتوانرێــت بــەم یاســایەی خــوارەوە شــیبکرێتەوە:

یاسای ژمارە (٢): ڕ ⟵ ف ن + ف ک.

ف ن ⟵ ن (زەردەشت).

ف ک ⟵ ک (ڕۆیشت).

هەروەهــا پێوەنــدی نێــوان کەرســتەکان، دەتوانرێــت لــەم هێڵکارییــەدا بخرێتــەڕو:

ڕ

ف ن ⟵ ⟶ ف ک

زەردەشت ڕۆیشت

بەمــەش دەتوانرێــت ڕســتە لــەڕووی ئەرکــی ڕەگەزەکانییــەوە، لــە ڕوانگــەی سینتاکســی و ســیمانتیکییەوە شــی بکرێتــەوە، (عــەول، ٢٠٠٨، ٢٤) واتــە ئەگــەر بەشــی بکــەری ڕستەکە فرێزێکــی نــاوی بــوو، ئــەوا لــەم حاڵەتــەدا دەتوانیــن بەگوێــرەی ڕۆڵــی واتایــی ئــەو نــاوەی لــە ئەرکــی بکــەردا جێکەوتــەی فرێــزە ناوییەکــەی پڕکردووەتــەوە، دوو جــۆر بکــەر دەستنیشــان بکەیــن، (بکــەری ڕێزمانــی، بکــەری لۆجیکــی) نموونــە:

(٣٨) پیاوەکە دەرگاکەی کردەوە.

(٣٩) کلیلەکە دەرگاکەی کردەوە.

لــە نموونــەی ژمــارە (٣٨و٣٩)دا هــەردو فرێــزی نــاوی (پیاوەکــە و کلیلەکــە) لــەڕووی ئەرکــی سینتاکســییەوە بکــەرن، بــەڵام لــەڕووی ڕۆڵــی واتاییانــەوە جیــاوازی لەنێوانیانــدا هەیــە، کــە (پیاوەکــە) بکــەری ڕاســتەقینەیە و توانــای ئەنجامدانــی کارەکــەی هەیــە، کــە کردنــەوەی دەرگاکەیــە، بــەڵام لــە (٣٩) دا فرێــزی نــاوی (کلیلەکــە) ئامێرێکــە بــۆ کردنــەوەی دەرگاکــە. دەتوانیــن جێکەوتــەی بکــەر جگــە لــە فرێــزی نــاوی، بــە وشــەی تریــش دیاریبکەیــن، وەکــوو جێنــاو و ڕســتەی شــوێنکەوتوو، ئەمانــە جێکەوتــەی بکــەر پــڕ دەکەنــەوە و هەمــان ئەرکــی سینتاکســی دەبینــن، نموونــە:

(٤٠) أ_ کاروان نوست.

ب_ ئەو نوست.

پ_ دەرکەوتووە، کە کوردستان پێش دەکەوێت.

لــە نموونەکانــی ژمــارە (٤٠_ أ، ب، پ)دا جێکەوتــەی بکــەر لــە (أ) بــە فرێزێکــی نــاوی و لــە(ب) بــە جێنــاو و لــە(پ) دا بــە ڕســتەی شــوێنکەوتو پــڕ کراوەتــەوە و هەمــان ئەرکــی بکەریــان بینیــوە. (بــرزۆ، ٢٠٢٠، ٨٢-٨٣)

٥.١.٢. بەرکار (Object):

بــەرکار وەکــوو کەرەســتەیەکی ســەرەکیی ڕســتە لەژێــر کاریگــەری فرێــزی کاری ڕســتە دایــە و فرەوانــی دەکات و کاریگــەری ئەنجامدانــی کاری ڕستەکەی لەلایــەن بکەرێکــەوە

دەکەوێتە سەر. (خۆشناو، ٢٠٠٨، ٦٣) واتە بەو کەرەستانەی ڕستە دەگوترێت"کە کاری بکەرەکەی دەکەوێتە ئەستۆ و بە ئامانجی کارەکە ناودەبرێ، یان بەرکار ئەو کەسە یان ئەو شتەیە کە پێشوازی کار یان ڕووداوێک دەکات". (ئەحمەد، ٢٠٠٦، ١٣) وەکوو پێویستییەکی سەرەکیی ڕستە دەکەوێتە ژێر کاریگەری فرێزی کاری ڕستەکە و بەپێی یاسای گشتی زمانی کوردی، دووەم چاڵی ڕستە پڕ دەکاتەوە و لەژێر ڕێکفی کارەکە دایە. بەرکاریش دەبێتە دو جۆر (بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ)، یەکەمیان ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری کاری ڕستەکە دایە. دووەمیان بەهۆی ئامرازی پێوەندییەوە دروست دەبێت و پێی دەگوترێت فرێزی بەند. (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٥، ٣١) نموونە:

(٤١) یاریزانەکە تۆپەکەی هەڵدا.

(تۆپەکە) بەرکاری ڕاستەوخۆ.

(٤٢) یاریزانەکە تۆپەکەی بەدەست هەڵدا.

(بەدەست) بەرکاری ناڕاستەوخۆ.

٣،١،٥. تەواوکەر (Complement):

هاتنی تەواوکەرەکان لە ڕستەدا دەوەستێتە سەر جۆری کارەکە، چونکە لە ڕستەی زمانی کوردیدا کارەکان خۆیان تەواوکەر هەڵدەبژێرن. واتە (تایبەتمەندی ئەو کارەیە، کە وا دەکات چ تەواوکەرێک هەڵبژێرێت). (قادر، ٢٠٠٩، ٣٤) کەواتە مەبەست لە تەواوکەر "ئەو کەرەستانەن، کە لەگەڵ کار دێن و ڕستە دەکەنە ڕستەیەکی ڕێزانی و واتایەکی تەواوی پێ دەبەخشن". (رسول، ٢٠٠٦، ٣٨) بەم جۆرە لە ڕستەدا دەبێتە پێویستییەکی هەمیشەیی کارەکە و ناتوانرێ لابرێ، بە لابردنی واتای ڕستەکە تێکدەچێت و ڕستەیەکی ناڕێزمانی دروست دەبێت، چونکە یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی تەواوکەر ئەوەیە، کەرەستەیەکی سەرەکی و پێویستە لە ڕستەدا، نموونە:

(٤٣) باوکی منداڵەکە پێشمەرگە بوو.

(٤٤) گوڵەکە وشک بوو.

لە نموونەی ژمارە (٤٣ و ٤٤)دا، هەردوو وشەی (پێشمەرگە) و (وشک) وەکوو پێویستییەکی سەرەکیی ڕستەکە بۆ تەواوکردنی واتای کاری ڕستەکان، ئەرکی تەواوکەریان بینیوە، بۆیە بە لابردنیان یاخود گۆڕینی شوێنەکانیان، دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ڕستەکان یان ڕستەیەکی ناڕێزمانی و بێواتا دروست دەبێت.

٤،١،٥. کار (Verb):

وەک بەشێکی ئاخاوتن "کار وشەیەکە ڕووداو و کات دەگەیەنێت". (زەنگەنە، ١٩٨٩، ٣) لە چوارچێوەی فرێزی کاری وەکوو پێکهێنێکی ڕاستەوخۆی ڕۆنانی ڕستە، ئەرکێکی گەورە و دیاریکراو دەبینێت لە سازدانی پێکهاتەی ڕستەدا. بەجۆرێک کە ڕستە هەرگیز بەبێ بوونی ئەم فرێزە لە زمانی کوردیدا دروست نابێت. (محەمەد، ٢٠٠٠، ٦٦) لەنێو مۆرفیمە ڕێزمانییەکانی کاردا، ڕەگی کار پێکهاتەی سەرەکی کارە و وەکوو کۆڵەکەی سەرەکی ناو ڕستە ڕۆڵ دەبینێت، پێویستییەکانی ڕەگی کاریش دوو جۆرن: سەرەکی و ناسەرەکی. پێویستییە سەرەکییەکان لە کاری تێنەپەڕدا یان بکەرە یان بەرکارە، بەلام لە کاری تێپەڕدا بکەر و بەرکارە. هەروەها پێویستییە ناسەرەکییەکانیش لە حاڵەتی پێدانی زانیاریی زیاتر بە لایەنەکانی ڕووداو، ئەوانەن کە دەتوانرێ لەڕستەدا لابردرێن، وەکوو ئاوەڵناو، ئاوەڵکار، بەرکاری ناڕاستەوخۆ،.... (ڕەسووڵ، ٢٠١٤، ٧٢-٧٣)

٢،٥. کەرەستە ناسەرەکییەکان:

بەگوێرەی دیاریکردنی بنچینەی بەشەکانی ڕستە لە ڕێزمانی کۆندا، بەرکاریش وەکوو کەرەستەیەکی ناسەرەکیی ڕستە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە. تەوفیق وەهبی لە کتێبی (دەستووری زمانی کوردی)دا بکەر و کاری بە کەرەستەی سەرەکیی ڕستە داناوە و کەرەستەکانی تری بە کەرەستەی ناسەرەکی داناوە و زاراوەی تەواوکەری بۆ بەکارهێناون. (وەهبی، ١٩٢٩، ٢٠) هەروەها کوردستان موکریانی (بەرکار و دیارخەر و ئاوەڵگوزارە)ی وەکوو بەشێکی ناسەرەکیی ڕستە ئاماژە پێکردووە و پێیوایە ئەم کەرەستە ناسەرەکییانە، بۆ بەشێک لە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە دەگەڕێتەوە. (موکریانی، ١٩٨٦، ٨٩) لەبەر ئەوە پێویست دەکات ئاگاداری ئەو خاڵە جیاوازە ببین لەنێوان ڕێزمانی کۆن و نوێدا، کە لەبارەی کەرەستە ناسەرەکییەکانی ڕستە (سەربار) هەیە. کەواتە مەبەست لە سەربار لەڕێزماندا (زاراوەیەکە لە ڕێزماندا بەکار دێت بۆ ئاماژەکردن

بـەو کەرەسـتە بەئارەزووانـە(Optional)ی لـە پێکهاتـەی ڕسـتەدا دەردەکـەون). (Crystal, ٢٠٠٨, ١١-١٢) دەرکەوتنـی سـەربارەکان لـە پێکهاتـەی ڕستەدا یـان بـە ئاراسـتەی فرێـزی ناوییـە وەکـوو دیارخـەرەکان. یاخـود بـە ئاراسـتەی فرێـزی کارییـە وەکـوو ئاوەڵگـوزارەکان. ئاوەڵگـوزارە و دیارخەرەکانیـش زاراوەی سینتاکسـین و بەهـۆی بەشـەکانی تـری ئاخاوتنـەوە دادەڕێژرێـن، (حسـێن، ٢٠٠١، ٢٦) و بەهـۆی فرێزەکانـی (نـاوی، ئاوەڵنـاوی، بەنـد، ئاوەڵـکاری،...) لـە پێکهاتـەی ڕسـتەدا دەردەکـەون. (فەرهـادی، ٢٠١٣، ٢٩)

لێـرەدا ئـەو کەرەسـتە ناسـەرەکییانەی کـە ئەرکـی سـەربار دەبینـن، دەخەینـە ڕوو:

٥,٢,١. دیارخەر وەکوو کەرەستەیەکی ناسەرەکیی ڕستە:

بریتییـە لـە زانیـاری و ڕوونکردنـەوەی زیاتـر لەبـارەی هـەر کەرەسـتەیەکی ڕسـتە لەئاسـتی سینتاکسـدا. واتـە دیارخـەر بەهـەر کەرەسـتەیەکی وەک (مۆرفیـم، وشـە، فرێـز، ڕسـتە) دەگوترێـت کـە بـۆ ڕوونکردنـەوە و دیارخسـتن و فرەوانکردنـی سـەرەیەک بـەکار دێـت. زۆرجـار کەرەسـتەیەکی بەئـارەزووە بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لەهەنـدێ بـاردا کەرەسـتەیەکی بەخورتییـە. هەڵدەسـتێ بـە فرەوانکـردن جـا کەرەسـتە فـرەوان کراوەکـە چ ڕسـتە بـێ یـان هـەر کەرەسـتەیەکی تـر. لەزمانـی کوردیـدا دیارخەرەکانـی پێـش سـەرە و دوای سـەرەمان هەیـە لـە ئاسـتی مۆرفۆلۆجیـدا، لـە ئاسـتی سینتاکسیشـدا دیارخـەرەکان بـە فرەوانکـردن و دیارخسـتنی تایبەتییەکانـی ناوێـک یـان سـەرەی فرێـزەکان فـرەوان دەکـەن و دەردەخـەن. (عەبدولڕەحـمان، ٢٠١٥، ٣٦) واتـە "بـەو کەرەسـتانە دەوترێـت کـە ڕسـتەکە بەشـێوەیەکی لاوەکـی فرەواندەکـەن و دەتوانیـن لایـان بدەیـن بـێ ئـەوەی کاریگـەری واتایـی لەسـەر پێکهاتـەی ڕسـتەکە هەبێـت و واتـای ڕسـتەکە بشـێوێت". (بەگیخانـی، ١٩٩٦، ٥٩) بوونیـان لـە پێکهاتـەی فرێزەکـەدا تەنیـا بـۆ پێدانـی زانیـاری و ڕوونکردنـەوە و ناسـاندنی سـەرەی فرێـزە ناوییەکەیـە. نموونـە:

(٤٥) <u>باشترین</u> مامۆستای <u>کوردی</u> وانەمان پێدەڵێتەوە.

لـە نموونـەی ژمـارە (٤٥)دا سـەرەی فرێـزی نـاوی (مامۆسـتا) بـە هاوەڵناوێکـی پلـەی بـاڵا (باشـترین) لەپێشـیەوە و لـەدوای سـەرە بـە فرێزێکـی نـاوی (کـوردی) فـرەوان کـراوە، کـە بوونەتـە هـۆی پێدانـی زانیـاری بـە سـەرەی فرێـزە ناوییەکـە.

٥,٢,٢. بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ وەکـوو کەرەسـتەیەکی ناسـەرەکیی ڕسـتە:

بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆ یەکێکـە لـە پێکهێنەکانـی ڕسـتە، کەرەسـتەیەکی ناسـەرەکیی ڕسـتەیە و بەشـداری لـە فرەوانکـردن و هێنانەکایـەی ئاستی ڕوکەشـی ڕستەکاندا دەکات. لـە پێکهاتـەی فرێـزی بەنـددا دەردەکەوێـت، لـە زۆربـەی بارەکانـدا کەرەسـتەیەکی بەئـارەزووە و ئەرکـی سـەربار دەبینـن بۆیـە دەتوانیـن لایبدەیـن. (بەیارمەتـی ئامـرازی پێوەنـدی دادەڕێژرێـت و هەنـدێ جـار لەگـەڵ پاشـبەندەکەیان هاوبەشـی ئـەم جـۆرە داڕشـتنە دەکـەن.) (موکریانـی، ١٩٨٦، ١١٨) بـەڵام لەهەنـدێ ڕسـتەی تـردا بەخورتییـە و دەبێتـە تەواوکـەر، بۆیـە ناتوانیـن لایبدەیـن. نموونـە:

(٤٦) قوتابییەکە گوڵەکەی <u>بۆ مامۆستا</u> هێناوە.

(٤٧) ڕووداوەکە بە شەو بوو.

لـە نموونـەی ژمـارە (٤٦)دا فرێـزی بەنـدی (بـۆ مامۆسـتا)، کـە ڕۆڵـی بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆی بینیـوە، ئەرکـی سـەربارە و دەتوانیـن لایبدەیـن. بـەڵام لـە نموونـەی ژمـارە (٤٧)دا، فرێـزی بەنـدی (بـە شـەو) بـەرکاری ناڕاسـتەوخۆیە و ئەرکـی تەواوکـەرە، بۆیـە ناتوانیـن لایبدەیـن.

٥,٢,٣. ئاوەڵگـوزارە وەکـوو کەرەسـتەیەکی ناسـەرەکیی ڕسـتە:

ئاوەڵگـوزارەکان ئـەو کەرەسـتانەی ڕسـتەن، کـە کات و شـوێن و چۆنیەتـی... و هـۆی ڕوودانـی کارێـک پیشـان دەدەن، جگـە لـە ئاوەڵـکارەکان، زۆر جـار نـاو یـان ئاوەڵنـاو یاخـود ژمـارە لەنـاو ڕسـتەدا لەگـەڵ سـەرەی فرێـزە کارییەکـە ئـەم ئەرکـە دەبینـن. (موکریانـی، ١٩٨٦، ١٥٥) لێـرەدا مەبەسـت لـە ئاوەڵگـوزارە، ئـەو کەرەسـتە ناسـەرەکییانەن کـە لـە فرێـزی کاریـدا ڕۆڵـی سـەربار دەبینـن، چونکـە "دەگونجـێ ئاوەڵگـوزارەکان وەکـوو سـەربار یـان وەکـوو تەواوکـەر یـان وەکـوو یاریـدەدەر لەڕسـتەدا ڕۆڵ بگێـڕن، بـەڵام زیاتـر وەکـوو سـەربار لەنـاو ڕسـتەدا ئـەرک دەبینـن". (ڕەسـووڵ، ٢٠١٨، ٤٢٠) بەمـەش ئاوەڵگـوزارەکان ئـەو فرێزانـەن کـە ڕوویەکـی سینتاکسـی و ڕوویەکـی سـیمانتیکیان هەیـە:

لـەڕووی سینتاکسـەوە بریتییـە لـە پێوەنـدی سینتاکسـی

نێوان کار و فرێزەکانی ناو فرێزی کاری، جگە لە فرێزی ناوی بەرکار، یا لەنێوان کار و ڕستەیەکی تردا، لەئەنجامی ئەو پێوەندییەشدا زانیاری هەمەچەشن سەبارەت بە ڕودانی کار دەخرێنە ڕوو.

لەڕووی سیمانتیکییەوەش ئاوەڵگوزارەکان ئەو فرێز و ڕستانەن کە وەسفی کار دەکەن و دەبنە وەڵام بۆ هەموو پرسیارێک، کە لەبارەی کارەکە بکرێت وەکوو (کەی؟ لەکوێ؟ چۆن؟ چەند؟ لەبەرچی؟...) و ڕوویەکی نادیاری ئاشکرا دەکەن. (حسێن، ٢٠٠١، ٢٥-٢٦) سەیری نموونەی ژمارە (٨ تا ١٣) بکە.

کەواتە ئاوەڵگوزارەکان دانەی سینتاکسین و چاڵێک لە چاڵەکانی ڕستە پڕدەکەنەوە و فرێزی کاری فرەوان دەکەن. بەهۆی گرنگی ڕۆڵی ئاوەڵگوزارە لەڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە، دەتوانین ئەم خاسیەت و تایبەتمەندییانەی خوارەوە دەستنیشان بکەین:

١_ لەڕووی واتا و ڕێزمانەوە هەمیشە بە بەشەئاخاوتنی کار بەستراونەتەوە.

٢_ توانای دەرکەوتنیان لە فرێزەکانی تری ڕستە زیاترە، چونکە زانیاری نوێ لەبارەی کار و لایەنەکانی ڕوداو بە گوێگر و خوێنەر دەدەن.

٣_ بەپێی ئارەزوو و مەبەستی ئاخێوەری زمانەکە لە فرێزی کاریدا جێگۆڕکی دەکەن، لەبەر ئەوە زۆرجار هێزی سەرەکیی ڕستە بۆخۆیان ڕادەکێشن. ئەمەش گرنگی کەرەستە سەرباریەکان لەڕووی واتاوە دەردەخات.

٤_ هەموو ئەو کەس و شتانە دەستنیشان دەکەن، کە بەشدارن لە ڕوداوێکی دیاریکراو و پێوەندیان پێوەی هەیە.

٥_ بەشێوەی کەرەستەی بنجی (ئاوەڵکارەکان) و نابنجی (ناو، ژمارە، جێناو، ئاوەڵناو) لە فرێزی کاریدا دەردەکەون.

٦_ تا ڕادەیەکی زۆر لە ئاخاوتندا چارەسەری تەمومژی و لێڵی واتایی دەکەن.

٧_ کارە فرەواتاکان بەهۆی فرێزە ئاوەڵگوزارەییەکانەوە، واتا جیاوازەکانیان ڕوون دەبێتەوە. (حسێن، ٢٠٠١، ٢٩)

٦. تایبەتمەندییەکانی سەربار

سەربار وەکوو هەر کەرەستەیەکی تری زمان چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە دەتوانرێت لەڕووی سینتاکس و سیمانتیکەوە دیاریبکرێن. لەخوارەوە دەیانخەینە ڕوو:

١,٦. تایبەتمەندییە سینتاکسییەکانی سەربار:

١_ بۆ دەستنیشانکردنی کەرەستە سەرباریەکان، دەتوانین بە وشەی پرسی (چۆن؟، کەی؟، لەکوێ؟، بۆچی؟،...)پرسیار لە لایەنێکی ڕوودانی کاری ڕستەکە بکەین. (Aarts, B, ٢٠٠١, p٢١)

(٤٨) یاریزانەکە دوێنێ لەنێو یاریگا بەخێرایی بۆ ئامانجەکەی یاری دەکرد.

لە نموونەی ژمارە (٤٨)دا دەتوانین بپرسین، یاریزانەکە (کەی؟، لەکوێ؟، چۆن؟، بۆچی؟) یاری دەکرد؟

لە وەڵامدا وشەکانی (دوێنێ، لەنێو یاریگا، بەخێرایی، بۆ ئامانجەکەی) دەبنە سەربار و وەڵامی وشە پرسەکان دەدەنەوە.

٢_ یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی سەربار بریتییە لەوەی کە (زیاتر لە سەربارێک دەتوانێت بەشداری لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەدا بکات). (Aarts, B, ٢٠٠١, p٢١) سەیری نموونەی ژمارە (٤٨) بکە.

٣_ سەربارەکان یەکێکن لەو کەرەستانەی کە دەتوانرێت شوێنیان بگۆڕدرێت لە ڕستەدا. (قادر، ٢٠٠٦، ٥٥) واتە قسەکەر بۆی هەیە خۆی بڕیار لەسەر شوێنی سەربارەکان بدات، ئەمەش بەگوێرەی گرنگی ئەو زانیارییەی کەرەستە سەرباریەکە دەیگەیەنێت لای قسەکەر و گوێگر. (عەبدولڕەحمان،٢٠٠٩، ٦٥). نموونە:

(٤٩) أ- منداڵەکە یاری بە تۆپ دەکات.

ب- منداڵەکە بە تۆپ یاری دەکات.

پ- بە تۆپ، منداڵەکە یاری دەکات.

د- منداڵەکە یاری دەکات بە تۆپ.

٤_ هەروەها سەربارەکان دەتوانن پێکهاتەی فرێز و ڕستەکان فرەوانبکەن، بەڵام لەلایەن سەرەی فرێزەکانەوە داوانە کراون. تەتیا هەندێک زانیاری پێویست و نەزانراو ببەخشن.

٢,٦. تایبەتمەندییە سیمانتیکییەکانی سەربار:

١_ جەختکردن: لەبەر ئەوەی کەرەستە سەرباریەکان لەڕووی بەکارهێنانیان دەکەونە بەر یاسا بەئارەزووەکانی

گوێزانـــەوە، پێڕەوکردنـــی ئـــەو یاســـایانەش بـــە مەبەســـتە و ویســـتی ئاخێـــوەری زمانەکـــەی تێدەکەوێـــت، بۆیـــە لەکاتـــی بەکارهێنانـــی ســـەربارەکاندا زیاتـــر بـــۆ لایەنـــی دڵنیاکردنـــەوە و تەئکیدکردنەوەیـــە، وەکـــو:

(٥٠) بەدڵنیاییەوە، بەیانی دەچم بۆ ئاکرێ.

لـەم بـارەدا جەختکردنەوەکـە دەکەوێتـە سـەر مەبەسـتی ئاخێوەرەکـە، کـە بـۆ چ مەبەسـتێک دەری دەبڕێـت.

٢_ مەبەستی بەکارهێنـان: هەرچەنـدە دەتوانرێت کەرەسـتە سـەرباریەکان بەکارنەهێنرێـت، بـەڵام بەکارهێنانیـان لەلایـەن ئاخێـــوەری زمانەکـــەوە بـــە مەبەســـتە و دڵنیایـــی زیاتـــر بـــە دەربڕینەکانـی دەبەخشـێت، کـە دەبێتـە هـۆی ڕوونکردنـەوەی مەبەسـتێک.

(٥١) وێنەم گرت.

(٥٢) وێنەم بۆ جوانی گرت.

٣_ پێدانـــی زانیـــاری: یەکێکـــی تـــر لـــە مەبەســـتەکانی بەکارهێنانـــی ســـەربارەکان، پێدانـــی زانیارییـــە بـــە لایەنێکـــی ڕوودانـــی کارەکـــە، نموونـــە:

(٥٣) ئۆتۆمبێلەکە وەرگەڕا.

(٥٤) ئۆتۆمبێلەکـە بەیانـی زوو لـە ڕێـگای کەڵـەک زۆر بـە خراپـی وەرگـەڕا.

لـە نموونـەی ژمـارە (٥٤)دا دەردەکەوێـت کەرەسـتەکانی (بەیانـی زوو لـە ڕێـگای کەڵـەک زۆر بـە خراپـی) سـەربارن و تەنیـا بـۆ پێدانـی زانیاریـی زیاتـر بـە کات و شـوێت و چۆنیەتـی وەرگەڕانـی ئۆتۆمبێلەکـە دەبەخشـن.

ئەنجام:

١_ یاســاکانی گوێزانــەوە بەگشــتی کار لەســەر کەرەســتە ســـەرەکییەکانی ڕســـتەدا دەکـــەن، بـــەڵام ئـــەو تایبەتمەندییـــە سینتاکسـییانەی لـە یاسـا بەئارەزووەکانـی گوێزانـەوەدا هەیـە، دەتوانرێـت لـە کەرەسـتە سـەرباریەکانیش بـەدی بکرێـت، چونکـە دەتوانرێـت سـەربارەکان لەڕسـتەدا لاببرێـن، یـان بـۆ پێکهاتـەی سـەرەکیی ڕسـتەیەک زیـاد بکرێـن، یاخـود بەویسـتی ئاخێـوەر لەڕسـتەدا جێگۆڕکێیـان پـێ دەکرێـت.

٢_ سـەربار وەکـوو کەرەسـتەیەکی سینتاکسـی دەتوانێـت لەشـێوەی فرێـزی (نـاوی، ئاوەڵنـاوی، ڕادە، ئاوەڵـکاری، بەنـد) دەربکەوێـت.

٣_ دیارخـەرەکان لـە پێکهاتـەی فرێـزی ناویـدا دەبـن بـە سـەربار.

٤_ ئـەو بەشـەئاخاوتنانەی ئەرکـی سـەربار دەبینـن، لەگـەڵ کەرەسـتە سـەرەکییەکان دەردەکـەون و ڕۆڵـی جەختکـردن دەبینـن و زانیـاری و دڵنیایـی زیاتـر بـە کەرەسـتە سـەرەکییەکان دەبەخشـن.

٥_ لەنێـو ئەرکـە سینتاکسـەکاندا، سـەربار کەرەسـتەیەکی بەئـارەزووە.

٦_ سـەربارەکان بـۆ ئـەو مەبەسـتانەی کـە بەکاردەهێنرێـن، لەشـێوەی (وشـە، فرێـز، لاڕسـتە) دەردەکـەون.

سەرچاوەکان:
به زمانی کوردی:
أ_ کتێب:
-ئەمیـن، نـووری عەلـی (٢٠١٥)، ڕێزمانـی کـوردی، چاپـی پێنجـەم، هەولێـر، چاپخانـەی هێڤـی.
- ئەمیـن، وریـا عومـەر (٢٠٠٩)، ئاسـۆیەکی تـری زمانەوانـی، بەرگـی یەکـەم، چاپـی دووەم، هەولێـر، چاپخانـەی ئـاراس.
- ئەمیـن، وریا عومـەر (٢٠١١)، پیتۆکەکانی زمانەوانـی، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، چاپخانـەی ئـاراس.
- بـرزۆ، ئومێـد بـەرزان (٢٠٢٠)، دروسـتەی فرێـز و ڕسـتە لـە زمانـی کوردیـدا، چاپـی سـێیەم، تـاران، چاپخانـەی جنـگل.
- خـاڵ، شـێخ محەمـەدی (٢٠٠٥)، فەرهەنگـی خـاڵ، چاپـی دووەم، هەولێـر، چاپخانـەی وەزارەتـی پـەروەردە.
- خۆشـناو، خـەسرۆ ئەحمـەد (٢٠٠٨)، بـەرکار لـە زمانـی کوردیـدا بەپێـی ڕێبـازی فۆرمـی، هەولێـر، چاپخانـەی وەزارەتی ڕۆشـنبیری.
- عەلـی، تاڵیـب حوسـێن (٢٠٢٠)، زانسـتی زمـان و زمانـی کـوردی، بەشـی دووەم، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، چاپخانـەی هێڤـی.
- ڕەسـووڵ، عەبدوڵـڵا حوسـێن (٢٠١٤)، مۆرفیمـە ڕێزمانییەکانـی کار، هەولێـر، چاپخانـەی حاجـی هاشـم.
- سـەعید، یوسـف شـەریف (٢٠٠٩)، دۆخەکانـی ژێـرەوە لای فیلمـۆر و هەنـدێ لایەنـی ڕستەسـازیی کـوردی، هەولێـر، چاپخانـەی حاجـی هاشـم.
- فەرهـادی، سـاجیدە عەبدوڵـڵا و بەرزنجـی، شـلێر ڕەسـووڵ (٢٠٢٠)، ڕێزمانـی بـەراورد، هەولێـر، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەدین.
- فەرهـادی، سـاجیدە عەبدوڵـڵا (٢٠١٣)، هەنـدێ لایەنـی ڕستەسـازی زمانـی کـوردی، هەولێـر، چاپخانـەی حاجـی هاشـم.
- قـادر، سـەباح ڕەشـید (٢٠٠٩)، هەنـدێ لایەنـی ڕێزمانـی دەسـەلات و بەسـتنەوە (GB) لـە زمانـی کوردیـدا، هەولێـر، چاپخانـەی حاجـی هاشـم.
- کانبـی، دلێـر صـادق (٢٠١٥)، تیـۆری بارگەخسـتن و ڕۆنانـی ڕسـتە، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، چاپخانـەی موکریانـی.
- کەریـم، ئاسـۆ عەبدولڕەحـمان (٢٠١٤)، ڕۆنانـی رسـتە لـە شـێوەزاری فەیلیـدا، چاپـی یەکـەم، هەولێـر، چاپخانـەی موکریانـی.
- مـارف، ئەورەحمانـی حاجـی (٢٠١٤)، ڕێزمانـی کـوردی – وشەسـازی – بەشـی یەکـەم (نـاو)، هەولێـر، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات.
- محەمـەد، حاتـەم ولیـا (٢٠٠٩)، پێوەندییـە ڕۆنانییەکانـی نواندنـە سینتاکسـییەکان، چاپـی یەکـەم، دهـۆک، چاپخانـەی خانـی.
- مەحـوی، محەمـەدی (٢٠٠٦)، ئـاوەزداری و ڕێزمانـی نـاوەڕۆک و وابەسـتە، زانکـۆی سـلێمانی.
- مەعـروف، عەبدولجەبـار مستەفا (٢٠١٠)، دروستەی فرێـز لـە زمانـی کوردیـدا، سلێمانی.
- موکریانـی، کوردسـتان (١٩٨٦)، سینتاکسـی ڕسـتەی سـادە لـە زمانـی کوردیـدا، بەغـداد، دار الحريـة للطباعـة.
_ وەهبـی، تەوفیـق (١٩٢٩)، دەسـتووری زمانـی کوردیـی، جیزمـی یەکـەم، بەغـدا، دار الطباعـة الحديثـة,
ب_ نامەی ئەکادیمی:
-ئەحمـەد، مزگێـن عەبدولڕەحـمان (٢٠٠٦)، دۆخـی ئێرگەتیـڤ لـە زمانـی کوردیـدا (کرمانجـی سـەروو)، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی پـەروەردە بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییـەکان، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- ئەحمـەد، سـیروان سـمین (٢٠١٥)، دروسـتەی سینتاکسـی لـە شـێوە ئاخاوتنـی ناوچـەی کەرکوکـدا، نامـەی ماسـتەر، سـکولی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.
- احمـد، محمـود فتـح اللـه (١٩٨٨)، کار تەواوکـردن لـە کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکۆی سـەلاحەدین.
- بەرزنجـی، شـلێر ڕەسـووڵ محەمـەد (٢٠٠٤)، یاسـاکانی داڕشـتنی لاڕسـتەی دیارخـەری لـە زمانـی کوردیـدا، نامـەی دکتـۆرا، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- بەگیخانـی، ئـاواز حەمەصدیـق (١٩٩٦)، ڕیزبوونـی کەرەسـتە لـە زمانـی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- حسـێن، ئـازاد ئەحمـەد (٢٠٠١)، ئەرکـی ئەدڤێربـل لـە فرەوانکردنـی فرێـزی کاریـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.
- حەسـەن، شـوان حەیـدەر (٢٠١٥)، ڕۆنانـی فرێـزی ئاوەڵـکاری لـە زمانـی کوردیـدا، کۆلێـژی پـەروەردە، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- رسـول، بابارسـول نـوری (٢٠٠٩)، پێکهاتـەی ژمـارە لـە زمانـی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- رسـول، صـلاح حویـز (٢٠٠٦)، ڕستەسـازی و واتاسـازی (بـوون)، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی پـەروەردە، زانکـۆی کۆیـە.
- ڕەزا، مسـتەفا (٢٠١٣)، پێـزی نـاوی ئەبسـتراکت و نـاوی کۆنکریـت لـە زمانـی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.
- زەنگەنـە، مصطفـی محەمـەد (١٩٨٩)، کار و ئەرکـی لـە سینتاکسـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- سـلێڤانەیی، ڤیـان سـلێمان حاجـی (٢٠٠١)، ڕێککەوتـن لـە شـێوەی ژووروی زمانـی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- عەبدولڕەحـمان، ڤیـان بەکـر (٢٠١٥)، پارسـتە لـە کوردیـی ناوەڕاسـتدا،

نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی پـەروەردە، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- عـەول، محەمـەد عومـەر (٢٠٠٨)، کـردەی تەواوکـردن لـە کرمانجـی خـوارووودا، نامـەی دکتـۆرا، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.
- فتـح اللـە، ئەحمـەد حەسـەن (١٩٩٠)، بکـەر وەک بەشـێکی سـەرەکیی ڕسـتە لـە زمانـی کوردیـدا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی ئـاداب، زانکـۆی سـەلاحەدین.
- کـمال، دیـار علـی (٢٠٠٢)، ڕێزمانـی کـوردی روانگەیەکـی بەرهەمهێنان و گوێزانـەوە، نامـەی ماسـتەر، کۆلێجـی پـەروەردە، زانکۆی سـەلاحەدین.
- محەمــەد، حاتــەم ولیــا (٢٠٠٠)، فرێــزی نــاوی و فرێــزی کاری لــە کرمانجـی ژووروودا، نامـەی ماسـتەر، کۆلێـژی زمـان، زانکـۆی سـلێمانی.
- محەمەدئەمیــن، یوســف نــوری (٢٠١٠)، هەنــدێ لایەنــی ڕســتەی لێکــدراو لــە زمانــی کوردیــدا بەپێــی یاســاکانی گوێزانــەوە، نامــەی ماســتەر، کۆلێجــی زمــان، زانکــۆی ســەلاحەدین.

پ_ گۆڤار:
-ئەحمـەد، شـەعبان شـەعبان (٢٠٠٠)، کورتـە باسـێک لەبـارەی ڕێبـازی "گواســتنەوە _ وەچکــردن"ەوە لــە بۆتــەی زانســتی زمانــدا، گۆڤــاری رامــان، ژ ٥٢.
- ڕەســووڵ، باباڕەســووڵ نــوری (٢٠١٨)، ســنووری نێــوان بــەرکاری ناڕاسـتەوخۆ و ئاوەڵگـوزارە لـە زمانـی کوردیـدا، مجلـة الأسـتاذ, العـدد ٢٢٧.

بە عەرەبی:
-افیتـش، ملیـکا (١٩٩٦)، اتجاهــات بحــث اللســانی, ترجمــة: ســعید عبدالعزیــز.
- بـن علـی, یعیـش بـن علـی بـن یعیـش ابـن أبي السرایـا محمـد (٢٠٠١)، شرح المفصـل, دار الکتـب العلمیـة, بیروت-لبنـان, الطبعـة الأولی.
- الخـولی, محمـد عـلی (١٩٩٩)، قواعـد تحویلیـة للغـة العربیـة, الاردن, دار الفـلاح للنـشر والتوزیـع.
- الوعـر, مـازن (١٩٨٨)، قضایـا اساسـیة فی علـم اللسـانیات الحدیـث, دمشـق, دار طـلاس للدراسـات والترجمـة والنـشر.

بە ئینگلیزی:

-B, Aarts, English Syntax and Argumentation, Palgrave, London, (2001), P21.
- Crystal, D, (2008) A Dictionary of linguistics and phonetics, sixth edition, Blackwell Publishing, United Kingdom.

## الملخص

زيادة الجملة في اللغة الكوردية

هــذا البحــث بعنــوان (زيــادة الجملــة في اللغــة الكورديــة)، محاولــة لتحديــد المكونــات الاختياريــة (الزيــادة) في اللغــة الكورديــة، وفــق نظريــة التوليــد و التحويــل، و بالتحديــد قاعــدة التحويــل، لأن نظريــة (التوليــد و التحويــل) يحــدد أجــزاء الجملــة و مكمــلات الجملــة يشــمل هــذه الأجــزاء غــير الضروريــة في تكويــن الجملــة، في هــذا البحــث تــم تحديــد الأجــزاء غــير الرئيســية وفــق عبــارة الاســمية و عبــارة الفعليــة، بالاعتــماد عــلى المســتوى التركيبــي و الــدلالي، لأنــه بالامــكان النظــر إلى الزيــادة مــن منظوريــن مختلفــين المنظــور الــدلالي و التركيبــي، الجانــب الــدلالي وظيفتــه إعطــاء معلومــات أكــثر عــن رأس عبــارة الاســمية، وجانــب التركيبــي الجمــل يتمثــل دوره فى توســيع بنيــة العبــارة والجملــة، و هــذا مــا تــم عرضــه في محوريــن عــدا المقدمــة و النتائــج و قائمــة المراجــع و المصــادر و هــما :

المحــور الأول: اتجــاه نظــري تــم تخصيصــه لزيــادات الجملــة. و المحــور الثــاني تــم تخصيصــه لــ (زيــادات في اللغــة الكورديــة) لتحديــد الأجــزاء غــير الرئيســية المشــمولة ضمــن الوظيفــة الزياديــة، و تنــاول الموضوعــات التاليــة (مصطلــح الزيــادة ـ المفهــوم و تعريــف الزيــادة ـ الزيــادة و عبــارة الاســمية ـ الزيــادة و عبــارة الفعليــة ـ الأجــزاء غــير الرئيســية ـ مميــزات الزيــادة).

الكلمات الدالة: الزيادة, المكونات الرئيسية, المكونات غير الرئيسية, نظرية التوليد والتحويل, القواعد الاختيارية.



# Abstract

Adjunct in Kurdish language

The title of this research (Adjunct in Kurdish language) it's an attempt to identify Optional elements (Adjunct) in Kurdish language, according to Transformational Generative Theory, specifically Transformational rules, because Transformational Generative Theory selects sentence element and Adjuncts include those elements that Unnecessary in sentence component. In this research element adjuncts in the frame Noun phrase and Verb phrase, Selected by relying on information Syntactic and Semantic. Because it can be looked at in two different directions on (Adjunct), That's the meaning (Semantic) and Syntactic side, on the semantic side which means the task of giving more information to the head noun phrase or the occurrence of the action. Also on the Syntactic side such as the syntactic function the task of expanding it phrase and sentence component. In this study, except Abstract and results and references, all this is presented in two themes

The first theme is devoted to a theoretical orientation to adjunct. The second theme is dedicated to (Adjunct in Kurdish language). To identify unnecessary category in the Adjunct task, it discusses these topics (the adjunct term, adjunct concepts and definitions, the adjunct and noun phrase, the adjunct and verb phrase, features of adjunct).

Key words: Adjunct, The main elements, The non-main elements, Transformational Generative Theory, Optional Rules.